# ئیعترافنامه



***دەشتی سەباح***

پێشکەشە بەتۆ... کە زۆر لەخۆم دەچیت

**هێندێك سەبر .. خودا نوێژەکانت قبولّ کات**

**وەك چۆن دوعای ژێر بارانی منی قبولّ نەکرد**

**هەناسە ساردەکانت گەرمکاتەوە**

**وەکو چۆن هەناسە گەرمەکانی منالّیمی ساردکردەوە**

**هەر لەو ئێوارەیەدا .. کەمن ناوم نابوون**

**ئێوارەکانی لێخۆشبوون لەدەردی بەلاّ**

**بەلۆژە لۆژ لەمەیخانەیە باوکم دەگەڕایەوە مالّ**

**منیش ...........**

**لەستایشی تیۆری نیسبی ئەنشتاین و شکانی کافرەکان لەشەڕی خەندەق و حیکمەتەکانی**

**ئیبن خەلدون و قارەمانێتی عەبدولرەحمان کەواکبیدا**

سەرم گێژی دەخواردو لەژوورێکدا
چەند ترسنۆك، شەرمن، تەنیا دانیشتبووم
* * *
دیسانەوە بەیانی مامۆستاکەمان لەدەرسی "خوێندنەوەی کوردی"دا
سێوە رزیوەکانی (نەسرین)مان بۆ دەبژێرێت
لەم لایشەوە
مام زۆراب مێوژی نایاب دەفرۆشێ
دارا دوو دارەکەی ئاو دەدات و
زەینەب بووکە شووشەکەی دەخەوێنێ
ئازاد راوی گا بەڵح دەکات و
نەوزاد تەیارە دەفرێنێ
لەیادمە ... مێوژەکەی مام زۆرابم دەخوێند، دەخوارد
چەندە تاڵ بوو
باوکیشم هەموو ئێوارەیەك شیرینترین شەڕابی دەنۆشی
* * *
خودایە .. نوێژەکانی دایکم قبوڵ بکە
هەروەکو چۆن نزاکانی منت قبوڵ نەکرد
فرمێسکەکانی لێ وەرگرە
وەکو چۆن خەندەکانی مناڵیمت گۆڕیەوە
بە وەیشوومەو جەنگەڵ و زەریا
ئێستا کەمن گەورە بووم
دەزانم لێوی گێلاس و مەمکی مانگ
چ تامێکی غەیبانی لێدێت

**گەورە بووم ... بە درۆکانی قوتابخانە**

**بەلێدانی بێرەحمانەی پێنجشەمانی باوکم**

**لەسەر جگەرە کێشان و سینەما**

**بە بەرزکردنەوەی دەستەکانی دایکم لەسەر بەرماڵی دوعا**

**بە تووڕە بوونی مامۆستا لەدەرسی جوگرافیا**

**ئێستا دەزانم**

**نەوزاد نەیدەزانی تەیارە بفڕێنێ**

**زەینەب بووکە شووشەکەی بۆ ژێر نەدەبوو**

**مام زۆرابیش لەکاتی مێوژ فرۆشتندا بەدەم ڕێگاوە**

**لەزستانێکی سەختدا مرد**

**بەڵام هەتا ئێستاش**

**دایکم هەر دوعا دەکات**

**باوکم هەر شەڕاب دەنۆشێت**

**مامۆستاکەشمان هەر درۆ**

**وەلێ منیش تا ئێستا.............**

**چەند**

**ترسنۆك**

**شەرمن**

**تەنیا ...**

**٢٠٠٣/١/٥ – هەولێر**

**dashtiabdulla@myway.com**